25.03.2012

بۆ: پارلەمانی ئەوروپا

بۆ: CPT

بۆ: مانگرتوانی لە شاریستراسبۆرگی فەرانسە

## پشتیوانی رۆژنامەنووسانی کورد لە مانگرتووانی ستراسبۆرگی فەرانسە

پتر لە 25 رۆژە، پازدە چالاکوانی کورد بەناوی دەستپێشخەری بۆ ئازادی ئوجالان و هەروەها بۆ پشتیوانی کردن لە مانگرتنی بەربڵاوی کوردەکانی باکوری کوردستان لە زیندانەکاندا، لەبەردەم کۆنسەی ئەوروپا لەشاری ستراسبۆرگی فەرانسا دەستیان کردووە بە مانگرتنی بێسنوور لەبەرامبەر سیاسەتی حکومەتی تورکیا دژ بە گەلی کورد لە باکووری کوردستان.

هەروەک لە راگەیەندنەکاندا بڵاوکرایەوە؛ لە نەورۆزی ئەمساڵدا جارێکیترخوێنی رۆڵەکانی کورد بە دەستی هێزە ئەمنییەکانی تورک ڕژا و نەورۆز و ساڵی نوێی کوردییان لە گەلی کورد بە ڕەوا نەبینی و هەڵیان کوتایە سەر رێ و رەسمی نەورۆز لە شارەکانی باکووری کوردستان و بێڕەحمانە دەستیان دایە کوشتن و بریندارکردن و گرتنی کوردان لە باکووری کوردستان.

مێژوو سەلماندوویەتی کە دەسەڵاتدارانی تورکیا بڕوایان بە مافی گەلی کورد لە باکوور نییە و لە هەر دەرفەتێکدا بۆیان ڕەخسابێ هەوڵی لەناوبردنی کەسایەتییەکان و سڕینەوەی شوناسی نەتەوەیی گەلی کوردیان داوە، لە بەرانبەردا گەلی کورد لە رێگەی ئاشتی و تەبایی هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی خۆی داوە و لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکراتیک خەباتی کردووە.

ئێمە وەک رۆژنامەنووسانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە توندی دژی هێرش و پەلامارەکانی دەوڵەتی تورکیاین بۆ سەر گەلی کورد لە باکووری کوردستان و مەحکوومی دەکەین. لە هەمانکاتیشدا پشتیوانی خۆمان بۆ مانگرتووانی کورد لە ستراسبۆرگی فەرانسە رادەگەیەنین، هەروەها بارودۆخی تەندروستی ئێوە بۆ ئێمە گرینگە و پێتان رادەگەیەنین کە هیواداارین مانگرتنەکەتان نەگەیەننە ئاستی مەترسیدار و نەبێتە مایەی نیگەرانیی.

هەر لەم رێگەیەوە داوا کە کۆمەڵگەی نێودەولەتی و رێکخراوی دژ بە شکەنجە (CPT) دەکەین بێدەنگی بشکێنێت و بەرەوپیری داخوازییەکانی ئەم مانگرتووانە کە لە سەرەتاییترین خواستەکانی گەلی کوردن بچێت کە ئێستا رەوشی تەندروستیان لەخراپیی دایە، هەروەها گوشار بخرێتە سەر دەوڵەتی تورکیا بۆ ئەوەی لە بەرانبەر مافی رەوای گەلی کورد پەنا بۆ توند و تیژی نەبات و رێگەی ئاشتیانە و دیالۆگ بگرێتەبەر.

هیوای ئازادی بۆ سەرجەم بەندکراوی کورد لە زیندانەکانی تورکیا بە ئاوات دەخوازین..

ناوەکان:

1. جەواد حەیدەری- رۆژنامەنووس –باشووری کوردستان
2. جەمال نەجاری- رۆژنامەنووس- فەرەنسا
3. دیلان ساعیدی- رۆژنامەنووس- سوید
4. هاوار بازیان-رۆژنامەنووس- سوید
5. اسماعیل مستەفا نژاد – رۆژنامەنووس، باشوری کوردستان
6. عارف نادری-رۆژنامەنووس- نورویژ
7. مەسعود مەناف- رۆژنامەنووس- سوید
8. بەختیار سەعید-رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان

9. کەریم مەرەسەنە-رۆژنامەنووس- سوید
10. ئەفراسیاب گرامی- رۆژنامەنووس- ئاڵمان
11. جانی دیلان - رۆژنامەنووس- ئەمریکا
12. شلێر باپیری- رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان
13. مەولوود ئافەند- رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان
14. داوود ئازادفەر- رۆژنامەنووس- فەرەنسا
15. جەمال پوورکەریم- رۆژنامەنووس- فەرەنسا
16. شلێر دەروێشی- رۆژنامەنووس- فەرەنسا
17. شێرکۆ جیهانی ئەسل- رۆژنامەنووس- سوید
18. دەرسیم ئۆرەمار- رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان
19. ئومێد عەلی- رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان
20. تەنیا کوردی - رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان
21. ئازاد ئیلخانیزادە- رۆژنامەنووس- سوید
22. ئیبراهیم جیهانگیری- رۆژنامەنووس- کانادا
23. بڵند مستەفا –سەرنووسەری گۆڤاری ململانێ- باشووری کوردستان
24. ئارام عوسمانی- رۆژنامەنووس- فەرەنسا
25. چیا کوردستانی- رۆژنامەنووس- فینلاند
26. هێرۆ مەولودی- رۆژنامەنووس- باشووری کوردستان
27. هیوا بەرزنجی - رۆژنامەنووس - باشووری کوردستان
28. نادر فەتحی / ماڵپەڕی رۆژهەلات – بۆکان، ئاڵمان
29. محەمەد ئەمینی ، رۆژنامەنوس، سلێمانی
30. هەڵۆ مەرگەیی - باشووری کوردستان
31. فەرمان چۆمانی - باشووری کوردستان
32. دانا زەرگەیی - باشووری کوردستان
33. دیاری محەمەد - باشووری کوردستان
34. سەلمان کۆچەری - باشووری کوردستان
35. زۆسک چۆمانی- باشووری کوردستان
36. جەبار عەزیز- باشووری کوردستان
37. دڵشاد هەرتەلی - باشووری کوردستان
38. محەمەد ترباخی - باشووری کوردستان
39. فەهد فەیسەڵ- باشووری کوردستان
40. دڵشاد خۆشناو - باشووری کوردستان
41. سەلاح بایەزیدی/ سوییس